

دانیشن لەگەڵ دانیشتووەکان

لە سەرسوڕهێنەرەکانی قەدەری الله تعالی و دانایییە دیار و بێسنوورەکەی، توندیی دژایەتی و زۆریی لێکدوورییە لەنێوان ڕێگای تێکۆشەران (موجاهیدەکان) و ڕێگای دووڕووەکان (مونافیقەکان). چونکە دووڕوویی (نیفاق) هەمیشە دوژمنی جیهادە، و ئەوان دوو نەیارن کە هەرگیز کۆنابنەوە، و دوو ڕێچکەن کە بە هیچ شێوەیەک یەکتر نابڕن.

ئەم ڕاستییە لە گۆڕەپانەکانی جیهاددا شتێک نییە کە چاوی لێ هەڵە بکات، جا دوورکەوتنەوە و بێزاریی دووڕووەکان لە ڕێگای جیهاد، تەنها بێزاریی تێکۆشەرانە لە دووڕوویی کە لە بڕدا هاوتایەتی و لە ئاڕاستەدا پێچەوانەیەتی، چونکە هەر کردارێک کاردانەوەیەکی هەیە؛ کە لە بڕدا یەکسانە پێی و لە ئاڕاستەدا پێچەوانەیەتی، هەروەک شارەزایانی لێکدانەوە فیزیکییەکان دەیڵێن.

ئەو کەسەی لە جیهاد دادەنیشێت و بەبێ عوزرێکی قبوڵکراو لە دواوە دەمێنێتەوە، بێگومان بەشێک لە دووڕوویی (نیفاق) دەیگرێتەوە! بە بەڵگەی فەرموودەکەی پێغەمبەر ﷺ کە موسلیم گێڕاویەتیەوە: (هەرکەسێک بمرێت و جیهادی نەکردبێت، و لە دڵی خۆشیدا باسی ئەوەی نەکردبێت [واتە نیەتی نەهێنابێت] ئەوا لەسەر لقێک لە دووڕوویی مردووە)، ئیمامی نەوەوی لە شیکردنەوەکەیدا دەڵێت: 'مەبەست ئەوەیە کە هەرکەسێک ئەمە بکات، ئەوا لەم سیفەتەدا لەو مونافیقانە چووە کە لە جیهاد دواکەوتوون، چونکە وازهێنان لە جیهاد یەکێکە لە لقەکانی نیفاق'. کۆتایی قسەکەی.

و لەبەر زۆر ڕوونی و ئاشکرایی نیشانەکانی لێکدووریی نێوان دووڕوویی و جیهاد؛ ئەوا زوو دەردەکەوێت، تەنانەت پێش ئەوەی قۆناغەکانی دەستپێبکات یان کاروانەکەی بەڕێبکەوێت! الله سبحانە ئامادەکردنی پێداویستی و خۆ ئامادەکردن بۆ جیهادی کردووە بە بەڵگە لەسەر ڕاستگۆیی نیەتی داواکار و ویستکارەکەی، و بە تێگەیشتنی پێچەوانەوە، ئەو کەسە دانیشتووە تەمبەڵەی کە خۆی لە ئامادەکاری قورستر دەکات و سستی دەکات لە یەکەم هەنگاوەکانی جیهاددا؛ درۆزنە لە هەوڵ و بانگەشەکەیدا، ئەگەرچی هەموو تەمەنی خۆی بە بانگەشەکردنی خۆشەویستییەوە بەسەر بەرێت، بەڵگەکەش فەرموودەی الله تعالی: {وَلَوْ أَرَادُوا الْخُرُوجَ لَأَعَدُّوا لَهُ عُدَّةً} واتە: [و ئەگەر بیانویستایە دەرچن، بێگومان ئامادەکارییان بۆ دەکرد]. قورتوبی دەڵێت: "واتە: ئەگەر بیانویستایە جیهاد بکەن، ئەوا خۆیان بۆ سەفەر ئامادە دەکرد، کەواتە وازهێنانیان لە خۆئامادەکردن بەڵگەیە لەسەر ویستیان بۆ دواکەوتن و لە دواوە مانەوە". کۆتایی قسەکەی.

وە لە چەواشەکارییەکانی ئیبلیس (شەیتان) بۆ خەڵکی سەبارەت بەم ئایەتە، ئەوەیە کە وا لە خەڵکی دەگەیەنێت کە ئەم ئایەتە تایبەتە و دابەزیوە دەربارەی کەسانێکی دیاریکراو لەو مونافیقانەی کە لە غەزای تەبووکدا دواکەوتن، و هەر بەوانەوە سنووردارە و کەسی تریان ناگرێتەوە، وەک ئەوەی چیرۆکێکی تاکەکەسی بێت کە بە کۆتایی هاتنی سەردەمەکەی و مردنی کەسەکانی کۆتایی هاتووە، لەکاتێکدا ئەوەیان لەبیرکردووە کە ئەمە چیرۆکێکە هەموو ڕۆژێک لە واقیعی ئێمەدا دووبارە دەبێتەوە، بەڵکو بەڵای سەردەمی ئێمە و موسیبەتی ڕۆژگارمانە، کە زۆر تەشەنەی کردووە تا گشتگیر بووە و هەموو شوێنێکی گرتۆتەوە، بۆیە سوپاکانی مونافیقەکان زۆر بوون و دەستەی موجاهیدەکان کەم بوونەتەوە.

ئایەتەکەی پێشوو وەڵامدانەوەیەکی تێدایە بۆ ئەو کەسانەی کە بە زمانیان شتێک دەڵێن کە لە دڵیاندا نییە؛ وەک ویستی دەرچوون بۆ جیهاد بەبێ ئەوەی خۆیانی بۆ ئامادە بکەن، چونکە ئەگەر لە بانگەشە و ویستی خۆیاندا ڕاستگۆ بوونایە؛ ئەوا خۆیان بۆی ئامادە دەکرد و هەموو هەوڵ و توانایەکی خۆیان بۆ ئامادەکاری و کۆکردنەوەی پێداویستییەکانی بەکاردەهێنا، بەڵام ئەوان هیچیان لەمانە نەکرد! کەواتە چۆن کەسێک داوای جیهاد دەکات کە خۆی بۆ ئامادە ناکات؟! ئایا بینیوتە ئەگەر یەکێکیان بیەوێت گەشت بکات بۆ وڵاتێکی تر، ئایا بەبێ سواری (هۆکاری گواستنەوە) و توێشوو بۆی دەردەچێت؟ هەر بەو شێوەیەش جیهاد، کەس مەبەستی نییە و ئاڵاکەی هەڵناگرێت، مەگەر ئەو کەسەی کە خۆی بۆ ئامادە کردبێت و ڕێگای بۆ خۆش کردبێت، ئەمەش لە ڕووی شەرع و عەقڵەوە شتێکی زانراوە، بۆیە الله تعالی دەفەرمووێت: {وَ لَوْ أَرَادُوا الْخُرُوجَ لَأَعَدُّوا لَهُ عُدَّةً} واتە: [و ئەگەر بیانویستایە دەرچن، بێگومان ئامادەکارییان بۆ دەکرد].

پاشان الله سبحانە لە تەواوی ئایەتەکەدا هەواڵی ڕاستییە ترسناکەکەمان پێدەدات لە فەرموودەکەیدا: {وَلَكِنْ كَرِهَ اللَّهُ انْبِعَاثَهُمْ فَثَبَّطَهُمْ وَقِيلَ اقْعُدُوا مَعَ الْقَاعِدِينَ} واتە: [بەڵام الله دەرچوونیانی نەویست، بۆیە سستی کردن (ڕێگری لێکردن) و پێیان وترا: دانیشن لەگەڵ دانیشتووەکان]، واتە الله تعالی دەرچوونیانی نەویست بۆ جیهاد، بەهۆی ئەوەی کە ئاگاداری خراپیی بارودۆخیان بوو، ئیمامی تەبەری دەڵێت: کەواتە دەرچوونی لەسەر قورس کردن تاوەکو دانیشتنیان لە ماڵەکانیاندا بە سووک و ئاسان زانی، و گەشت و دەرچوونیان بە قورس دانا'. کۆتایی قسەکەی.

ئەی ئەو کەسەی لە جیهاد دانیشتوویت و لە گۆڕەپانەکانی ئامادەکاری دواکەوتوویت، ئایا ناترسیت لەوەی لەو کەسانە بیت کە الله تعالی پێی ناخۆش بوو دەرچوون و بەڕێکەوتنیان؛ بۆیە سستی کردن و قورسی کردن؟! وشەی (فَثَبَّطَهُمْ) [واتە: سستی کردن] بەسە وەک ڕێگرێک کە گوێی باوەڕدار دەکوتێت وەک کوتانی ئاسن، بەڵکو هەموو ئایەتەکە بەسە بۆ ئەوەی دڵی لە جێی خۆی دەربهێنێت کاتێک دەبینێت کە دەربارەی مونافیقەکان دابەزیوە، لە کاتێکدا ئەویش لە شوێنی ئەوان دابەزیوە و لە جێگەی ئەوان دانیشتووە؛ بەهۆی دواکەوتنی لە ئامادەکاری و سستبوونی لە خۆئامادەکردن بۆ جیهاد.

بەڵام ئەو کەسەی لە داواکردنی جیهاددا ڕاستگۆیە، دەبینیت خۆی تاوانبار دەکات و عوزری بۆ ناهێنێتەوە، و هەموو هۆکارێک دەگرێتەبەر کە دەیگەیەنێتە گۆڕەپانەکانی جیهاد، هیچ دەرگایەکی بۆی ناهێڵێتەوە ئیللا لێی نەدات، و هیچ ڕێگایەکی بۆی بەجێناهێڵێت ئیللا پێیدا نەچێتە ژوورەوە، و عوزری دانیشتووەکان ناهێنێتەوە، پاساوی بە ژن و منداڵ نەهێنایەوە، و حەسرەت و تاسە بەدیلی

نەگرت، بەڵكو لەسەر خۆی ترسا لە ڕێگای مونافیقەكان، بۆیە بەڕێكەوت و ڕێگای خۆی كردەوە بەرەو خۆبەری كردن لە ڕێچكەكانیان و ڕزگاربوون لە چوارچێوەكەیان، بە سەركەوتوویی بەسەر نەفسی فەرمانكار بە خراپەیدا، ڕابەری دەكات نەك ڕابەرایەتی بكرێت، گوێی بە شەیتان و وەسوەسەكانی نەداوە، و هەموو بەربەستەكانی تێپەڕاندووە، هەروەك پێغەمبەر ﷺ هەواڵی داوە: (شەیتان لەسەر ڕێگاكانی ئادەمیزاد دانیشتووە، لەسەر ڕێگای ئیسلام بۆی دانیشت... پاشان لەسەر ڕێگای كۆچكردن (هیجرەت) بۆی دانیشت و وتی: كۆچ دەكەیت و زەوی و ئاسمانی خۆت بەجێدەهێڵیت.. پاشان لەسەر ڕێگای جیهاد بۆی دانیشت و وتی: جیهاد دەكەیت كە ماندووبوونی نەفس و ماڵە، دەجەنگیت و دەكوژرێیت، ئینجا ژنەكەت شوو دەكاتەوە و ماڵەكەشت دابەش دەكرێت.. پێغەمبەری اللە ﷺ فەرمووی: هەركەسێك ئەوە بكات، ئەوا مافە لەسەر اللە عز وجل كە بیخاتە بەهەشتەوە) [ئەحمەد]

ئەو كەسەی سەرنج بداتە حاڵی دانیشتووەكان و دواكەوتووان لە ئامادەكاری و جیهاد، دەبینێت كە پاساو و كۆت و بەندەكانیان كە بە زەوییەوە دەیانبەستێتەوە و ڕێگرییان لێدەكات لە دەرچوون بۆ جیهاد، هەمووی لەوە دەرناچێت كە لە فەرموودە پێغەمبەرییەكەی پێشوودا باس كراوە، وەك مانەوە لە زێد و نیشتیماندا كە زۆر كەس بەهۆیەوە تێداچوون، و خۆشەویستی دونیا و ڕقلێبوونەوە لە مردن و دڵبەستن بە ژن و منداڵەوە، كەواتە بزانە كە لێرەدایە نەفسەكان لێك جیا دەكرێنەوە و كەسایەتییەكان پلەیان دەگۆڕێت، و كانزای پیاوان دەردەكەوێت و پاڵەوانان دادەبێژرێنەوە (لێك جیا دەكرێنەوە)، جا ئەمەیان ڕزگاربوو و دەرچووە بە فەزڵی پەروەردگاری، و ئەوی تریان دانیشتوویەكی ڕێگیراوە كە نهێنییەكەی (ناخە خراپەكەی) كۆتی كردووە و هەڵەكانیشی داینیشاندووە.

وە لەو بارەیەوە موجاهیدی بە ئەزموون، ئیبن نەحاس لە كتێبی 'المشارع'دا دەڵێت: 'ئایا هۆكاری خۆگرتنەوەت لە جەنگ، و خۆنەكردن بەناو جەنگەكانی پاڵەوانانداا، و ڕژدیت لە بەخشینی گیان و ماڵ لە پێناوی اللە تعالی؛ هیچ شتێكی ترە جگە لە ئاواتی درێژ (بۆ ژیانی دونیا)، یان ترسان لە هاتنی لەناكاوی مەرگ، یان جیابوونەوە لە خۆشەویستان وەك خێزان و ماڵ، یان برایەكی خاڵت (برا لە دایك و باوك)، یان خزمێكی دڵسۆز، یان سەرپەرشتێكی بەڕێز، یان هاوڕێیەكی نزیك، یان خۆشەویستیی ژنێكی خاوەن جوانی و ڕواڵەت، یان پلە و پایەیەكی پارێزراو، یان پۆستێكی بەرز، یان كۆشكێكی قایم، یان سێبەرێكی درێژ (واتە خۆشی و ئاسوودەیی)، یان پۆشاكێكی جوان، یان خواردنێكی بەتام؟! هیچ شتێكی تر جگە لەمانە تۆی لە جیهاد دانانیشێنێت.' كۆتایی قسەكەی.

ئەی ئەو كەسەی دانیشتوویت و لە جیهاد دواكەوتوویت، لەسەر خۆت بترسە لەوەی كە اللە تعالی دەرچوونتی نەویستبێت ؛ بۆیە بێبەشی كردبێت لە گەیشتن بە گۆڕەپانەكانی جیهاد، بەهۆی ئەوەی كە دەستەكانت كردوویانە لە خراپیی نیەت یان گەندەڵیی ناخ یان پێشخستنی شتی لەناوچوو (دونیا) بەسەر شتی هەمیشەییدا (ئاخیرەت)؛ پاشان وەك سەرزەنشت و لۆمەیەك پێت بوترێت هەروەك چۆن بە دواكەوتووانی پێش تۆ وترا: {وَقِيلَ اقْعُدُوا مَعَ الْقَاعِدِينَ} واتە: [و وترا دانیشن لەگەڵ دانیشتووەكان]، واتە دانیشن لەگەڵ نەخۆشەكان و پەككەوتەكان، و ژنان و منداڵان! جا كام سەرزەنشت لەمە گەورەترە؟! و كام نەفسی سەربەرز بەم جۆرە دانیشتنە ڕازی دەبێت؟! ئەو دانیشتنەی كە -واللە- هەندێك لە ژنە ئازادەكانی ئەمڕۆ ڕەتی دەكەنەوە، ئەوانەی كە تامەزرۆی هەڵگرتنی چەك و بەشداریكردنن لە جیهاددا، لەكاتێكدا پیاونماكان پێشبڕكێ دەكەن بۆ دانیشتن و خۆداپۆشین لە ژووری ژناندا! لە سەردەمی هەڵگەڕانەوەی پێوەرەكان و سەرەوژووربوونەوەی فیترەتدا.

بەڕاستی ئێمە دەبینین ئەو كەسەی كە بەڕاستی بەدوای جیهاددا دەگەڕێت، ئامادە و بەپەلەیە و وەك با پێشبڕكێ دەكات بەرەو گۆڕەپان و مەیدانەكانی، جا ئەگەر گەیشتە خاكی جیهاد و دەرفەتی ڕاستەوخۆی جەنگی بۆ نەڕەخسا، دەیبینیت كە ڕیزی باوەڕداران زیاد دەكات، و لە سەنگەردا پاسەوانی سنوورەكانی موسڵمانان دەكات، بەو كارە دڵخۆش و شادمانە، جەستەی لەسەر جێگاكەی هێندە ئارام ناگرێت كە لە سەنگەر و شوێنی پاسەوانییەكەیدا ئارامی دەگرێت، تا كاتێك بانگكەر بانگی كرد 'وەرن بۆ جیهاد'، دڵی پێش جەستەی دەفڕێت و بەڕێدەكەوێت و ئاوڕ لە هیچ ناداتەوە، بە مەبەستی بەدەستهێنانی ڕەزامەندیی پەروەردگاری، و گیان و ڕۆحی خۆی لە پێناویدا دەبەخشێت، جا ئایا حاڵی ئەم كەسە و ئەوانەی پێیان وترا {اقْعُدُوا مَعَ الْقَاعِدِينَ} یەكسانە؟! چەند جیاوازن! (هەرگیز وەك یەك نین).

ئەی ئەو كەسەی بەڕاستی داواكاری جیهادیت، و بە دڵسۆزییەوە بەدوای ڕەزامەندیی پەروەردگارتدا دەگەڕێیت، نیشانەی ڕاستگۆیی تۆ لە داواكاری و ئامانجەكەتدا ئەوەیە؛ كە خۆتی بۆ ئامادە بكەیت و پێداویستییەكانی بۆ دابین بكەیت، جا ئەگەر دەرچوونت دواكەوت، نابێت ئامادەكاریت بوەستێت، چونكە ئەوە خۆی لە خۆیدا عیبادەتێكە، كەواتە خۆت لە ڕووی ئیمانی، شەرعی، جەستەیی و ئەمنییەوە ئامادە بكە، چونكە تۆ لە جیهاددایت تاوەكو لە قۆناغی ئامادەكاریدایت، پاشان بزانە كە پاككردنەوەی نیەت و چاككردنی ناخ و دڵ، و ڕاستگۆیی لەگەڵ اللە تعالی، كلیلی گەیشتنە بە خاكی جیهاد، و ئەوە یەكەم و ناوەڕاست و كۆتایی ئامادەكارییە، و هەموو كرۆكی بابەتەكەیە، و هەر ئەوەشە كە بنەمای سەرەكییە.

له ئەنەسی كوڕی مالیكەوە رضي الله عنه له پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(ئیمانی هیچ یەكێكتان تەواو نییە تاوەكو من لای خۆشەویستر نەبم له باوكی و منداڵەكەی و هەموو خەڵكی)

[متفق علیه]